وەزارەتی دەرەوە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەت لە دەرەوە ڕادەگەیێنێت

وەزارەتی دەرەوە، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕی ڕاگەیاند بۆ بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەتی عێراق لە دەرەوە و تاوتوێکردنی ڕێگاکانی وەبەرهێنان تێیاندا و پەرەپێدانی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنیان.

ڕاگەیێنراوەکی وەزارەتەکە کەدەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبع کەوتووە، ئاماژەی بۆ کردووە کە ئەحمەد نایف دلەمی، بریکاری وەزارەتی دەرەوە بە کاروباری کارگێڕی و هونەری، سەرکایەتی یەکێم کۆبوونەوەی لیژنەی بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەتی عێراقی لە دەرەوە کرد، ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٥، بە بەشداریی نوێنەرانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە ئەندامانی لیژنەی فەرمانی دیوانی ژمارە (٧٩)ی ساڵی ٢٠٢٥ن.

ڕاگەیێنراوەکە ئەوەشی خستەڕوو کە کۆبوونەوەکە وەک جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دێت، کە تێیدا لیژنەکە پێکهێنراوە بە بەدواداچوونی دەسیەی موڵکەکانی دەوڵەتی عێراق لە دەرەوە، و باسی واقیعی ئەم موڵکانە و ئەگەری سوود لێوەرگرتنیان کرا بەشێوەیەک کە باشترین داهات

بە دەوڵەتی عێراق و دامەزراوە کاراکانی لە دەرەوەی وڵات بەدەست بهێنێت.

ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە لیژنەکە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەیدا ڕاسپاردەی دەرکرد بە پێویستیی دیاریکردنی بەربەست و ئاڵنگاریەکان کە ڕووبەڕووی پرۆسەی سوودوەرگرتن لێم موکانە دەبنەوە و کارکردن بە چارەسەرکردنیان جگە لە ئامادەکردنی دیدگایەکی ڕوون و کۆشانی ستراتیژییەکی گشتگیر کە بەشدار بێت لە زیادکردنی سوود لەوەرگرتنیان، بەشێوەیەک کە خزمەت بە نەرە دیپلۆماسییەکان و پاشکۆکان و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان بکات، و ڕێنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت لەسەر ئەدایان لە نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتی عێراق